


بابان
لە سلێمانییەوە دەینێرێ




## نوکتەی سەفەری

* کابرایەکی زۆر رەزیل و قرچۆک وەرەقەیەکی لەناو گیرفانی خۆی دانابوو، نووسیبووی مەمشۆن تازە خۆم شووشتووە..

## مەلەوانی و رۆژنامەوانی

چاودێر: دورو نزیکی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن.
گەپ: ئەمبەرو ئەوبەری مێزێکە!
یەکگرتوو : کاتی ئەوە هاتووە باهۆزەکە بڕیار بدات.
گەپ: توخوا با ئیستیسنای تیا نەبێ!
رووبەر : دڵ پیسی لە حزبایەتیش دا هەیە
گەپ: ئاخر هەیە مارەییەکەی لەملایەو لە ژێرەوە خۆی بە هی یەکێکی تر ئەزانێت .
میدیا : کە دەمامکەکان دائەماڵین
گەپ: درووشم و لافیتەکان ئەبن بە فشە!
رۆژنامە : لە (( گۆڕین )) ەوە بۆ ((هەڵوەشاندن)) ەوە
گەپ: ئەمەی تۆ باسی ئەکەیت یاپراخە!
کۆمەڵ : دەربارەی خۆپیشاندان و مۆڵەت و شتی تریش.
گەپ: شتەکەی تر وازح نییە، ئەگەر جیهاد نەبێت!
خەبات : ئۆپۆزسیۆن بۆ ئەو هەموو پێچ و پەنایە دەگرێتە بەر؟
گەپ: حەزی لە چاوشارکێیە.

هاوڵاتی : هەموو شت بۆ خۆیان.
گەپ: یەعنی تۆ هیچتێ ناوێ؟!
رووداو : لە گوندی پاریاوڵە ١٨ ساڵە جگەرە کێشان قەدەغەیە
گەپ: هیوادارم لە وەزارەتەکاندا یاسای ئەو گوندە جێبەجێ بکرێت!
هەولێر : دەرمان هەڕەشە لە ژیانی ملیۆنان مرۆڤ دەکات لە سەرانسەری جیهاندا.
گەپ: نەختێک لەسەر.. شت بە هەڕەشە چارەسەر ناکرێت!
چەتر : گیرانی بۆری فرمێسک.
گەپ: ئەوەش خەتای دەسەڵاتە؟
ئاسۆ : قەڵەمەکان بەرپرسن.
گەپ: ئەی ئەوانەی کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکەن؟
مەخموور: ئێوە مەیخوێننەوە، با ئەوان بیخوێننەوە.
گەپ: کەواتە کەس نایخوێنێتەوە!
هەواڵ : خۆت خۆشەویست بکە لای پیاوەکەت.

گەپ: نەپێی بڵێ لە کوێ بوویت و نە سەیری مۆبایلەکەی بکە.
کوردستانی نوێ : چارەسەری بۆنی دەم.
گەپ: قسە نەکردن.
سقیل : بۆچی بووک سەرپشک نییە لە هەڵبژاردنی جلەکانی ؟
گەپ: چونکە خەسووی هەیە!
هەفتانە : لە ئەفغانستان تۆڵە لە نەتەوەیەکگرتووەکان دەکرێتەوە.
گەپ: چونکە لە حەیاتیا موشکیلەیەکی حەل نەکردووە!
زاری کرمانجی : کچان بۆ لە خۆیانەوە پێدەکەنن
گەپ: بەقوربان شتێکیان هەر بینیوەو بیستووە بۆیە، بەڵام من و تۆ نازانین چییە!
بزاو : ئەو دزانەی بازاڕی کەلاریان بڕی بوو، هاتنە گرتن.
گەپ: بەس نییە نەهاتوونەتە ڕاکردن!







## هەواڵی ماتۆڕی

سایقی ماتۆڕەکەمان لەسەر سوچی کۆڵانێکدا بە تەلەفۆن قسەی دەکردو دەیوت: کاکی خۆم بگەڕێوە، ئەمە کەی فیعلە تۆ دەستت داوەتێ؟ چاوەکەم هەزارو یەک ئیشی ترمان هەیە، دەبێ هەر ئەمڕۆ بێیتەوە. ئێمەش دوای تەواوبوونی قسەکانی لێمانپرسی: بۆ وا مشەوەشی؟ وتی: ئاخر چۆن مشەوەش نابم؟ سێ ڕۆژە برایەکم ناردوە بۆ ئەشیای ماتۆڕ، کەچی جەنابی چووە بۆ سلێمانی و لە بەینی پۆلیس و خۆپیشاندەراندا هەڵمات دەفرۆشێ! ئێمەش وتمان: دەی خێری پێوەیە ئینشائەڵڵا، بەس قومبەلەو فیشەک نەفرۆشێ ئیتر قەیناکا، چونکە ئەو دوو شتە خەتەرە بەکەڵکی موشێن نایەن!!



## عەینەن یەك



### کورسی حەلاق

١. چارەکێک زیاتر تەحەمول ناکەی لەسەری.
٢. کە هەستای دەبێ پارە بدەی.
٣. بۆ پشتەمل چاککردن سەرت پێ شۆڕ دەکەن.
٤. بۆت نیە بیخولێنیتەوە.
٥. هەر لەسەری دانیشتی دەبێ دوایی خۆت بشۆی.
٦. دەبێ نۆرەی خەڵکیش بدەی.
٧. لە عانی دانیشتندا پشت سەری خۆت دەبینی.

### کورسی مودیر

١١. بە درێژایی ساڵ لێی بێتاقەت نابی.
٢. کە هەستای یەک دنیا پارەت پاشەکەوت کردوە.
٣. سەدان ماستاوچی سەریانت بۆ شۆڕ دەکەن.
٤. هەتا دڵ حەزکا بۆخۆت بیخولێنەرەوە.
٥. لەسەری دانیشتی خەڵک بە قسە دەتشۆرن.
٦. نۆرەو مۆرەی تێدا نیە تاپۆی ڕەشی هەیە.
٧. بێجگە لە گیرفانی خۆت هیچی تر نابینی!

NAMO

ڕۆستەم زادە
(نامـــــۆ)

تایبەت بە گەپ
دەینێرێ





## نوکتەی سەفەری

* جارێک دوو کەس دەستیان شکا بوو، کاتێک دکتۆر دەستیان لەگەچ دەگرێت، یەکێکیان زۆر هاوار دەکاتن،ئەوی تریش هیچ دەنگێکی لێوە نابیێت،پاشان ئەوەی کە هاواری کرد، بەوەی تری وت: بەراستی تۆ زۆر بەغیرەت و ئازای چۆن توانیت وا بێ دەنگ بیت، ئەویش وتی: جا خۆمن شێت نیم دەستە شکاوەکەم بدەمە دەستی دکتۆر.

## تەحلیلات و تەفسیرات و تەنزیلات



### (لاسایی کردنەوە)

**عەبە سێ سەر**

### تەحلیلی سیاسی:

لاسایی کردنەوەو تەقلیدو دەمەلاسکانێ، لەڕوی سیاسییەوە کارێکی زۆر ناشیرین و ناماقوڵ و خراپ نییە، چونکە کتێب ئەفەرمێ: پێویستە تۆ لەگەڵ عامدا بیت نەک عام لەگەڵ تۆدابێ، یەعنی بەکوردیەکەی ئەگەر وڵاتانی دەوروبەرت هەرچییەکیان کرد، تۆش بە جل و ملەوە خۆت فڕێدە ناو مەوزوعەکەوە..

### تەحلیلی کۆمەڵایەتی:

ئەم پەتای لاسایی کردنەوەیە کە هەموو مەخلوقاتی سەرزەمینی گرتۆتەوە، لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە شتێکی عەیب و عارەو پێی ئێژن: چاولێکەری، وە زۆر جار غەڵەتی ناقوڵا بە خەڵک دەکات، وەک ئەوەی ملّچە دەمی کلیپچییە ڕۆژئاواییەکان کاوێژ بکەیتەوەو هەر لەخۆتەوە گۆرانی ڕاپ بلّێیت و بلّێی: یێ یێ




## (هەر لۆ فشەی)



### شێخە فشە

(عەبۆ عاشق) پاش ١٤ ساڵ عاشقاتی و دڵداری بە مرازی خۆی گەیشت، هەرمن دەزانم عەبۆ چی بەسەر هاتبوو، وەکی شێتی لێ هاتبوو، ئەمن دەمگۆت: ساریێ یەک رۆژی تێ دامابی هەرلۆفشەی ئەو کوڕە شێت دەبی.. بابی هەرلۆفشەی سێ بەسێ تەراقی فڕێ دابوو کچەکەی نەداتێ! نازانم کووبوو دڵێ نەرم بوو!؟ (عەبۆ) لە خۆشیان یەک مەتر وەکی کەنغەری هەر دەقۆزیەوە حەفلەکی کرد، نەسەری دیاربوو نەبن! هەر لۆفشەی ١٤ سەرمەڕی سەربڕی نیوەی خەڵکی هەولێر و سلێمانی و بادینان و کەرکوکی داوەت کرد ٧ شەو ٧ رۆژ دۆروزوڕنا، (کۆتایی) عەبۆ بە مرازی خۆی گەیشت، کۆری دری خۆی دارڕشت، مانگەکی پێ نەچوو دووبارە لە لای ماری عەبۆی بووە شایی و هەراو ڕەشبەڵەک، دەنگی دمبک و هەلهەلەی دەگەیشتە حەل حەلەی عاسمانی، کەپرسیارم کرد چ بووە؟

گوتیان ئەوە عەبۆیە ژنەکەی تەراق دایە، لە خۆشی ئەوەی ئەو ژنە خراپەی لەکۆڵ بووە، بە ئاسانی دەستی لە دەستی برڕا- ئەو شایی و گۆڤەندەی ساز کردییە!!



### تەحلیلی ئابووری:

لاسایی کردنەوەی هەر شتێک لە هەرێمی کوردستاندا لەڕوی ئابوورییەوە مەترسیدارەو زەرەر لە ژێرخانی ئابووری دەدات، بۆنمونە: بە دەیان و سەدان و هەزاران گۆڤارو ڕۆژنامەو شەونامە لەم هەرێمەدا دەردەچن و لەسەدا نەوەدیان لاسایی یەکتری دەکەنەوە، حکومەتیش کولفەیەکی زۆر لەبەرپێیاندا دەفەرشێنێ!!

## لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا:

١. لەرۆژێکی وەک ئەمرۆداو لە یەکی چواری نازانم چەند ساڵ لەمەوپێشداو ناشزانم لەلایەن چ عاقڵێکەوە، بەرواری یەکی نیسان کرا بەرۆژی جیهانیی درۆ، بەڵام بەپێی لێکۆڵینەوەکان دەرکەوت ئەم رۆژە رۆژی جیهانیی راستگۆییە، چونکە تەنها لە یەکی چواردا درۆکانمان بە ئاشکرا دەکەین و باقی رۆژەکانی تر لەژێرەوە درۆ دەکەین.

٢. لە عەسرێکی وەک عیشاداو لە بەرواری پێنجی کارەبا نەبرانی ساڵی تەقاعود بوونی مۆلیدە ئەهلییەکاندا، خاوەن مۆلیدەیەک لە بنەسڵاوە داوای بیست هەزار دیناری لە ماڵێک کرد، خاوەن ماڵەکەش وتی: دوو مانگە کارەبای حکومی نەبراوە ئیتر پارەی چیت بدەمێ؟ کابراش وتی: تۆ بیست دینارم بدەرێ و بچۆ شکاتم لێبکە.

٣. لەشەوێکی پر غوبارداو لەرێکەوتی چواردەی مانگی نیسکافی بارینی ساڵی دووهەزارو یانزەی تەبعدا، برادەرێک لە کۆمەڵگەی کەسنەزان سەعات هەشتی بەیانی وایزانیبوو سەیارەکەیان بردوە، ویستی بروات لە بنکەی پۆلیس سکاڵا تۆمار بکا، تومەز بەهۆی خۆڵبارینەوە سەیارەکەی خۆی لەبەردەرگا نەبینیوە.




## تیاترۆ

عوسە سویچ

نەفەر/ مەرحەبا برا
شۆفێری تاکسی/ سەرچاوان بەرێز
نەفەر/ تا شوقە تازەکان بەچەند ئەمبەیت؟
شۆفێر/ چەند ئەدەیت بەزیادبێت
نەفەر/ یاالله سلام و علیکم
شۆفێر/ علیکم و سلام و بەخێرهاتی
نەفەر/ فەرموو ئەوە ٢٥٠٠ باشە؟
شۆفێر/ ناوالله برا خۆ خێرم پێ ناکەیت؟
نەفەر/ ئەی چەندت بدەمێ خۆ وەرەقەیەکت نادەمێ؟
شۆفێر/ ناڵێم وەرەقەیەک بەس ٥٠٠٠ باشە
نەفەر/ بۆ ئەو دوو هەنگاوە ٥٠٠٠ ؟
شۆفێر/ دوو هەنگاوی چی تۆ دەزانی چەند دوورە؟
نەفەر/ ئەی تۆ نەتوت چەند ئەدەیت بەزیادبێت؟
شۆفێر/ من لە ٥٠٠٠ بەرەو سەرم وت چەند ئەدەیت بەزیادبێت..
نەفەر/ بۆ تەکسییەکەم پێ دەفرۆشیت؟
شۆفێر/ ئەی توخوا ٢٥٠٠ چیەو چی دەکا؟
نەفەر/ خۆ انشالله چیم پێیە لەگریفانما ناتدەمێ؟
شۆفێر/ باشە دابەزە برا.
نەفەر/ تۆش پارەکەم بدەوە.
شۆفێر/ پارەی چی برۆ بابە
نەفەر/ دەی سا، وەڵلا دا نابەزم کرێم داوە
شۆفێر/ جا توخوا ئەوە پارەیە؟
نەفەر/ ئەگەر پارەنیە بمدەرەوە.
شۆفێر/ نایدەم شەرت لەشەرم لادە دابەزە.
نەفەر/ ئەوە دابەزیم بەلام پێت حەرام بێت.
شۆفێر/ خەمت نەبێ هەرپێم حەرامە ئەمشەو ئەیدەم بە چارەکێ ویسکی و ئەچم سەرەی بەنزین ئەگرم تا بەیانی!

